# نەخشەسازی بنەڕەتی (تەصمیمی ئەساسی)

ئەو پلانەیە کە بۆ ماوەی (25) ساڵ گەشەکردنی شاری تێدا ڕەچاو ئەکرێت.
ئەم نەخشەیە بە پێوەری (1:5000)ە و بە (ماستەرپلان) ناسراوە.
بە پێی (43.1 $)ی یاسای شارەوانی ژمارە (165/1964) و (30-35)$ ی یاسای (ألطرق و ألأبنية) ژمارە (44/1935)، ئەبێت شارەوانی بۆ شارەکە نەخشەی ئەساسی بکێشێت، ئەگەر بە پێی بۆچوون و شارەزایی خۆیی و باری زەوی و پێویستی شار، پێویست بکات.
ئەم پلانە کاتێک کاریگەری خۆی ئەبێت، ئەگەر بۆ شارەکە گونجاو بێت و کاری پێ بکرێت. لە باکووری عێراق ئەم پلانە بەپێی بڕیار لە پارێزگاوە دەرئەچێت و ئەچەسپێت. پلانەکە ئەوە دەرئەخات ، کە شارەکە تا چ ڕادەیەک لە (25) ساڵی داهاتوودا گەشە ئەکات و پێویستییەکانی شار لە خانووی نیشتەجێ بوون و دروستکردن و لابردنی بینای نەگونجاو و چاککردنەوەو دروستکردنی جادەی نوێ و قوتابخانەی تازەو خزمەتگوزاری تری پێویست، پڕ ئەکاتەوە.
ئەم پلانە ئەم شتانە ی تێدایە: نیشانەکردن و هێماکردنی ڕووبەرەکان و شێوەو جۆری بەکارهێنانیان. دابەشکردنی ناوچەکانی شار بەسەر ناوچەی نیشتەجێ بوون و ناوچەی پیشەسازی پچووک و گەورەدا، دیاری کردنی ڕێگای هاتووچۆ و هتد.

دەلالەت کردن لە ناواخنەکانی تەصمیمی ئەساسی دا بە پێی ڕەنگ و کتابەت و نەص ئەبێت کە ئەخرێتە سەر نەخشەکە. لەگەڵ ئەم دەلالەتانەدا، عەلامەتی ناوچەکان ئەخرێتە سەر ڕووبەرە جیاوازەکان. لەسەر ئەم ڕووبەرانەش ڕوونکردنەوەی وورد ئەدرێت لەبابەت چۆنێتی درووست کردنی بیناکانیەوە بۆ کاتی پلاندانانیان.
هەروەها لەسەر نەخشەکە ئەبێت ڕێکخستنی بەکارهێنانی درووست کردن لە ناوچەکان دا جێگیر بکرێت. بۆ نمونە: ناوچەی پارێزگاریکردن لە ئاوی ژێر زەوی یان سروشتی، یان ناوچەی پارێزگاری کردن لە ژینگە بۆ ئەوەی لە دواییدا درووست کردن لەو ناوچانەدا بە پێی ڕێنماییەکانی ژینگە ئەنجام بدرێت. بەم هۆیەوە بەڕێوەبەرایەتیە پەیوەندیدارەکان لە کاتی پلاندانانی ناوچەکەدا بە پێی یاسا کاریگەری خۆیان ئەبێت و ئەبنە ڕێگر لەبەردەم درووستکردن لەو ناوچانەدا، ئەگەر دژ بە ڕێنماییەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکانیان بوەستێتەوە.

بۆ ئەم مەبەستە دوو زاراوە ڕەچاو ئەکرێت: ڕووبەری بینا و ناوچەی بینا درووستکردن.
ڕووبەری بینا (شێوەی عام و صنفی درووستکردن) و ناوچەی بینا (شێوەی خاص و قەبارەی درووستکردن) دائەڕێژن. ڕووبەری بیناکانیش بریتین لە:
1- ڕووبەری بینای نیشتەجێ بوون،
2- ڕووبەری بینا تێکەڵەکان،
3- ڕووبەری بینا پیشەسازییەکان،

Aso Salwani

4- رووبەری بینا تایبەتەکان.
روونکردنەوەی زیاتر لە بابەت ئەم رووبەرانەوە، لە ناوچەکان دا کە دروستکردن تیایاندا ئەنجام ئەدریت. دەرئەکەون. ئەم ناوچانەش بریتین لە:

1- ناوچەی مجمعاتی پچووک بۆ نیشتەجێ بوون،
2- ناوچەی نیشتەجێ بوون (بحت)،
3- ناوچەی نیشتەجێ بوون (عام)،
4- ناوچەی گوندی،
5- ناوچەی تێکەڵ،
6- ناوچەی پیشەسازی
7- ناوچەی حەوانەوە بۆ کۆتایی هەفتە،
8- ناوچەی تایبەت.

ئەم روونکردنەوانە لە هەردوو تەصمیمی ئەساسی و تەفصیلی دا هاوشێوەن.
بۆ دارشتنی شێوەی عام و صنفی دروستکردن لە تەصمیمی ئەساسی دا تەنها روون کردنەوەی لە بابەت رێژەی (رووبەری نهۆمەکان / رووبەری زەوی) یەکانیان بە شێوەیەکی گشتی کافیە، بەبێ گوێدانە جۆری بینا تاکەکان. ئەم کارە بۆ تەصمیمی تەفصیلی بە جێ ئەهێڵرێت.
پێویستی یەکانی پارێزگا لە رووبەری بینا بۆ خزمەتگوزاریە جیاوازەکان لە رەسمی و نارەسمی، کە شارەوانی بە دەوری خۆی پێی هەڵئەستێت بریتین لە:

## أ- پێویستی شارەوانی لە خزمەتگوزاریە رەسمی یەکان

خزمەتگوزاریە رەسمی یەکان بریتین لە: رەوضەی منداڵان، خەڵوەتگەی پیران، قوتابخانە، بازار و نووسینگەی پارێزەران و پزیشکان و هتد.
دوای ئەوەی پێویستییەکانی شارەوانی لەو خزمەتگوزارییانە دەست نیشان ئەکرێن، ئەبێت بخرێنە قاڵبی جێبەجێکردنەوە و لەناو نەخشە ئەساسییەکەدا جێگان بکرێتەوە و لە لیجندی نەخشەکەدا بە سیمبۆلی تایبەت روون بکرێنەوە

## ب- رووبەری پێویست بۆ رێگای هاتووچۆ

رووبەری رێگای هاتووچۆ، هێڵی رێگاوبانی ناوشار و گەرەکەکانی دەرەوەی شار و ناوچەی فرۆکەخانەکانیش ئەگرێتەوە. بەڵام ناوچە ئاوییەکان ناگرێتەوە وەکو زێ و رووبارەکان.
دیاری کردنی رووبەری ئەم هێڵی هاتووچۆیانەش بە پێی یاسای هاتووچۆی ژمارە (83/1963) رێک ئەخرێت و رێنماییەکانی جێبەجێ ئەکرێت.

## ج- رووبەری پێویست بۆخزمەتگوزاری ئاووئاوەرۆ و کارەبا و گاز

ڕووبەری پێویست بۆ ئەم خزمەتگوزارییانە ئەو ڕووبەرانەش ئەگرێتەوە کە بۆ جێبەجێ کردنیان پێویستن وەکو ڕووبەر بۆ ڕاکێشانی کێبڵات و بۆری ئاسنین.
ڕووبەری پێویست بۆ فڕێدانی خۆڵ و خاشاک و قەڵاچۆکردنی ئاوی پیس بریتین لە ڕووبەری مصفی و محطەی پەمپ و مەحرەقەی خاشاک، کە لە نەخشەکەدا جیائەکرێنەوە.
شارەوانی خۆی بڕیار ئەدات، کامە لەو خزمەتگوزارییانە ئەولەوییەتی هەیە لە پێش ئەوانی تردا، بۆ ئەوەی ڕێگاکانی چارەسەرکردنی لە نەخشە ئەساسییەکەدا بۆ دابنێت.
لە بەر ئەوەی ڕووبەری خزمەتگوزارییەکانی وەک ئاووئاوەڕۆ و ئاوی پیس و مەحرەقەی خاشاک ئەکەونە ناوچەکانی دەرەوەی سنووری شارەوانییەوە، پێویستە شارەوانی لەم بڕیاردانەدا، هەماهەنگی لەگەڵ شارەوانییەکانی دراوسێیدا بکات بەمەبەستی جێبەجێ کردنی پلانەکەی.

### ت- ڕووبەری پێویست بۆ سەوزایی

بۆ ئەرخان کردنی ڕووبەری پێویست بۆ سەوزایی، پێویستە لە ڕووبەری ناوچەکان زەوی تەرخان بکرێت و بە بێ پلانی دروست کردنی بینا لەسەری بە بەتاڵی بهێڵرێتەوە. پێویستە ڕێوشوێنی تایبەتی بگیرێتە بەر، بۆ هێشتنەوە و پەرەپێدانی کێڵگەکان بە پێی یاسای ژینگە و پارێزگاریکردن لە زەوی سرووشتی، کە ببێتە بناغەیەک بۆ پلاندانانی عومرانی شاروشارۆچکەکان دا.
پێویستە ئامانجەکان لە ڕووبەری سەوزایی لە تەصمیمی ئەساسی دا جێگیر بکرێت کە بەهۆیەوە ئەتوانرێت ڕووبەری زیاتری بۆ تەرخان بکرێت.
ڕووبەری سەوزایی، پارکی حەوانەوە، پارکی قەبرسان،و باخچە و هتد. ئەگرێتەوە.

### ث- ڕووبەری پێویست بۆ پارێزگاری ژینگەیی

بە تایبەتی بە مەبەستی پلاندانانی عومرانی پێویستە لە کاتی ئێستادا، کە کاتی پیشەسازی و تەکنیکە، بیر لەوە بکرێتەوە، کە چۆن مەجالەکانی ژیان وەک نیشتەجێ بوون، کار، حەوانەوە و هی تر لەگەڵ یەکتریدا بگونجێنرێت. مەبەستی گونجاندنەکەش نابێت ڕێگری بێت لە گەشەسەندنی ئابووری، بەڵکومەبەست لێی دانانی بەردی بناغەی پلانی عومرانی شاروشارۆچکەکان بێت، بەشێوەیەکی تەندرووست.
لە نەخشەکەدا ئەتوانرێت ڕووبەری زەوی لە ناوچەیەکدا، جیابکرێتەوە بە مەبەستی پارێزگاری کردن لە بڵاوبوونەوەی بۆنی ناخۆش. هەروەها ئەتوانرێت ڕێگری بکرێت لە بەرامبەر گوێزانەوەی هاژووهوژ دا بۆ نمونە بەهۆی درووستکردنی بینا بە شێوازی تایبەت یان کەڵەکەکردنی گڵ وەک بەربەست بەشێوەی گرد و تەپۆلکە. هەروەها لە نەخشەکەدا ئەتوانرێت ڕێگری بکرێت لە بەرامبەر بەکارهێنانی زەوی دا بۆ هەندێک مەبەست، بۆ نمونە: ئەتوانرێت لە تەنیشت ناوچەیەکی نیشتەجێ بووندا تەنها ڕێگە بەو ناوچە پیشەسازییانە بدرێت، کە هاژووهوژی کەم ئەنجام ئەدەن و هەوای ناوچەکە پیس ناکەن.
ئەم مەرجانە پێویست ناکات بە شێوەیەکی وورد لە تەصمیمی ئەساسی دا تێبینی بکرێن، بەڵام ئەبێت ڕێوشوێنی تایبەت بگیرێتە بەر لە نەخشەکەدا، کە بەهۆیەوە لەسەری پلانی عومرانی شارەکە دابڕێژرێن.

### ج- ڕووبەری پێویست بۆ زێ و ڕووبارەکان

Aso Salwani

له تەصمیمی ئەساسی دا ئەبێت ڕووبەری ئەو ناوچانەی کە بە ئاو داپۆشراون دیاری بکرێن. ئەو ڕووبەرانەش ڕووبار و زێ و زێی دەستکرد و هەموو ئەو کەناڵە ئاوی یانە ئەگرێتەوە کە بە مەبەستی ئاودێری ڕاکێشراون. تێبینی وورد لە بابەت ئەم ڕووبەرە ئاوی یانەوە لەسەر نەخشەکە پێویست ناکات، ئەگەر ئەم ڕووبەرە ئاوی یانە بە یاسای ئاو و ئاوی ژێر زەوی ڕێکبخرێن.

ح- ڕووبەری پێویست بۆ کێڵگەی کشتوکاڵی و دارستان

بە تایبەتی لەو ناوچانە دا کە ژمارەی دانیشتوانیان زۆرە، گرنگی ڕووبەری کشتوکاڵی و ڕووبەری دارستان دەرئەکەوێت. بە پێی بنەماکانی نەخشەی عومرانی پێویستە ناوچە کشتوکاڵی یەکان و ناوچەی دارستان تەنها لە کاتی پێویست دا بۆ مەبەستی تر بەکاربهێنرێن.

بەهۆی هێشتنەوەی ئەم ڕووبەرانە وە، پلانی عومرانی شاروشارۆچکەکان گەشە ئەسەنن. بۆ ئەم مەبەستە ئەبێت شارەوانی لە کاتی کێشانی نەخشەی عومرانی ناوچەکە دا لەگەڵ دەزگا پەیوەندیدارەکان پێکەوە کار بکات، بۆ بەکارنەهێنانی ناوچە کشت وکاڵییەکان بەمەبەستی تر.

ئەگەر شارەوانی ئەم ڕووبەرانەی جێگیر کرد لە نەخشەی تەصمیمی ئەساسی دا، ئەوا بنەماکانی ئەبێتە بناغە بۆ دارشتنی نەخشەی تەصمیمی تەفصیلی لەسەری. تەنها ئەو ڕووبەرانەی کە لە تەصمیمی ئەساسی دا جێگیر نەکراون ئەتوانرێت لە نەخشەی تەصمیمی تەفصیلی دا بەکارهێنانیان بۆ بدۆزرێتەوە، بە مەرجێک نەبنە هۆی تێکدانی ناوچەکانی تەنیشتی، کە لە تەصمیمی ئەساسی دا بنەمایان بۆ دانراوە.

Asso Salwani

# نەخشەی تەفصیلی

پێکهاتووە لەنەخشەیەکی ناوچەکە یان نەخشەی بەشێکی ناوچەکە، کە ناوچەکە و بیناکانی بەشێوەیەکی وورد بەپێوەری 1:500 یان 1:1000 جیائەکاتەوە لە نەخشەکەدا، لەگەڵ هێما و ڕەنگ و نووسراوی جۆراوجۆر بەپێی پێویست بەکارئەهێنرێت.
بە پێی (43.2 $)ی یاسای شارەوانی ژمارە (165/1964)، شارەوانی لە نەخشەی ئەساسی یە وە، نەخشەی تەفصیلی درووست ئەکات کە تیایدا بنەما سەرەکییەکان و مافە پارێزراوەکان وەکوو بڕیار، دیاری ئەکرێن.
لە نەخشەی تەفصیلی دا ئەتوانرێت ئەو خزمەتگوزاریانەی بۆ ناوچەیەک دائەنرێت، بۆ هەموو ناوچەکانی تریش دابنرێت و جێگیر بکرێت. بۆ ئەم مەبەستە لە کاتی جێبەجێ کردنی پلانەکەدا، پێویست بە وەرگرتنی ئیجازەی تایبەت بۆی ناکات (R9, S. 43).

لە نەخشەی تەفصیلی دا ئەم شتانە جێگیر ئەکرێن:

1- شێوەو قەبارەی بینای بەکارهێنان

بەپێی دیاریکردنی فاکتەری ڕووبەری بناغەی بینا و فاکتەری ڕووبەری نهۆمەکانی بیناکە و ژمارەی نهۆمە ڕێپێدراوەکان.

فاکتەری ڕووبەری بناغەی بینا = (ڕووبەری بینا / ڕووبەری زەوی)

فاکتەری ڕووبەری نهۆمەکانی بینا = (ڕووبەری نهۆمەکان / ڕووبەری زەوی)

بەم پێ یە فاکتەری ڕووبەری نهۆمەکانی بیناکە ڕێژەی ڕووبەری گشتی نهۆمەکان بۆ ڕووبەری گشتی زەوی یەکە ئەگەیەنێت. واتە ئەگەر ئەم ڕێژەیە بە لە (40 %) لەسەر نەخشەکە جێگیر کرابێت و ڕووبەری زەوییەکەش بە (1000 م$^2$)، ئەوە مانای ئەوەیە کە:

ڕووبەری گشتی نهۆمەکان = ( 1000 م$^2$ x 40 % = 400 م$^2$ )

واتە، ئەگەر سێ نهۆم ڕێپێدراو بێت بۆ بیناکە، ئەوا ڕووبەرەی گشتی هەر سێ نهۆمەکە نابێت لە (400 م$^2$) تێپەڕ بکات. ئەم ڕووبەرەش ئەتوانرێت بە نایەکسانی بەسەر نهۆمەکاندا دابەش بکرێت.
دیاری کردنی ڕووبەری نهۆمەکانیش بە پێی لەیەکدانی سووچەکانی دەرەوەی درێژی و پانی لاکانی بیناکە ئەبێت لە یەکتری، واتە ئەستووری دیوارە ڕاگرەکانی بیناکەش لەسەر لاکان ئەژمار ئەکرێن.

بۆ ئەوەی دیاریکردنی شێوەو قەبارەی بینای بەکارهێنان لەسەر نەخشەی تەفصیلی بەشێوەیەکی گونجاو دیاریبکرێت، ئەتوانرێت ئەم ڕێگایانەی خوارەوە بگیرێتە بەر:

أ- شێوەو قەبارەی بینای بەکارهێنان ئەتوانرێت لە سەر نەخشەی تەفصیلی هەتا بۆ هەر نهۆمێک و بۆ هەر بینایەک بەجیا دیاریبکرێت (R9, S. 55 R12، S. 91 ).

ب- نابێت چاو بپۆشرێت لە دیاریکردنی ژمارەی نهۆمەکان لە نەخشەکەدا، بە تایبەتی ئەگەر بەرزی نهۆمەکان کاریگەری نێگەتیفی هەبێت لەسەر ڕوالەگەی ناوچەکە. بۆ ئەم مەبەستە ئەبێت یان ژمارەی

Aso Saiwani

نهۆمەکان لە نەخشەکەدا بدرێت یان بەرزی بیناکە دیاری بکرێت. وەک نموونەیەک بۆ بینایەکی نیشتەجێ بوون ئەتوانرێت (سێ نهۆم  یان 8 م) بەرزی لەسەر نەخشەکە دیاری بکرێت.

ت- ڕووبەری گشتی نهۆمەکان ئەتوانرێت بەسەر زیاتر لە ژمارەی دیاریکراوی نهۆمەکاندا دابەشبکرێت، بەمەرجێک لە کۆی گشتی ڕووبەری نهۆمەکان تێپەڕ نەکرێت. بۆ نموونە: لە نموونەی خاڵی (1) دا ئەتوانرێت ڕووبەری (400 م$^2$)کە بەسەر چوار نهۆمدا دابەش بکرێت لە جیاتی سێ نهۆم.

## 2- جۆری بینای دروووستکراو

لە نەخشەی تەفصیلی دا ئەبێت جۆری بینای دروووستکراو لە (کراوە و داخراو) دا جێگیر بکرێت.

**جۆری کراوە:** واتە بینای دروووستکراو لەسەر بینایەک **بە مەسافەی بەجێهێڵراوەوە** لە هەردوو لای چەپ و ڕاستی بیناکەوە تا سنووری زەویەکەی. ئەم جۆرەش لەگەڵ بینای تاک و جووت و گرووپی بینادا ئەگونجێت. مەسافەی بەجێهێڵراویش بە مەبەستی ڕووناکی و پارێزگاریکردنە لە ئاگرکەوتنەوە، کە بەم هۆیەشەوە ئاگرکەوتنەوە ناگوێزرێتەوە بۆ دراوسێکانی بیناکە.

**جۆری داخراو:** واتە بینای دروووستکراو لەسەر بینایەک **بە بێ مەسافەی بەجێهێڵراوەوە** تا سنووری زەویەکە. دیاریکردنی ئەم جۆری دروووستکردنەش پەیوەندی بە پلانی بیناسازیەوە هەیە کە شارەوانی دیاری ئەکات لە چ ناوچەیەکدا جۆری داخراو بۆ بیناکان جێگیرئەکرێت یان جۆری تر.

جیا لەم دوو جۆرە، جۆرەکانی تر ئەبێت بە تێکست لە نەخشەکەدا ڕوون بکرێنەوە. لەوانە:
جۆری زنجیرەیی،
جۆری نیوکراوە، لەلایەکەوە سنووری بیناکە ئەکەوێتە سەر سنووری زەویەکە و لاکەی تری کراوەیە.
جۆری شانەیی و جۆری دالانی بە بینای چواردەوری زەویەکە دا و بەشی کراوە لە ناوەڕاستیدا و هتد.

## 3-  هێڵی بینا

هێڵی بینا ڕوونی ئەکاتەوە، کە بیناکە ئەبێت لەسەر ئەو هێڵە یان لە سنووری ئەو هێڵە ئەنجام بدرێت. دەرچوونێکی کەم لە سنووری هێڵەکە ئەتوانرێت قبوڵ بکرێت بەبێ وەرگرتنی ئیجازەی تایبەت بۆی لە کاتی دروووستکردنی بیناکەدا. قادرمەی دەرەوەی بیناکەش ئەتوانێت سنووری هێڵی بیناکە ببەزێنێت، بەمەرجێک لەسەر زەوی بیناکە خۆی دروووست بکرێت.

## 4-  سنووری بینا

بینای دروووستکراو یان بەشێک لە بیناکە نابێت ئەم سنوورە ببەزێنێت، تەنها بە ڕادەیەکی کەم نەبێت. ئەم هێڵەش ئەبێت لە نەخشەی تەفصیلی دا بە ڕوونی بەدەر بکەوێت.

### 5- قووڵی سنووری

ئەم سنووره ئەوه دەرئەخات، کە لە چ دووریيەکەوه لە سنووری پێشەوەی زەوی یەکەوه، ئەتوانرێت بيناکە درووست بکرێت.

### 6- گەورەیی ڕووبەری زەوی

دیاریکردنی گەورەیی ڕوبەری پارچە زەوییەکان بە تایبەتی لە ناوچانەدا کە کەناڵی ئاوەڕۆ و زێرابیان بۆ ڕانەکێشراوه، زۆر پێویستە. بەهۆی دیاریکردنی پانی و درێژی ڕووبەری زەوییەکانەوه لە نەخشەی تەفصیلی دا، ڕێ لە درووستبوونی ڕووبەری نەشیاوی زۆر پچووک یان دابەشکردنی ڕووبەری گەوره بۆ ڕووبەری نەشیاو، ئەگیرێت.

### 7- ڕووبەری زەوی تەرخانکراو بۆ شارەوانی

لەسەر ئەو ڕووبەرانەی کە بۆ پێویستی شارەوانی تەرخان ئەکرێن، ئەتوانرێت تەنیا بە مەبەستی نیشتەجێ بوون، بە پێی شێوه و گەورەیی و پلانی بیناسازی، بینایان تیادا درووست بکرێت. ئەم بینایانەش ئەبێت بە نرخی گونجاو بدرێن بە هاووڵاتیان بە کرێ یان بە فرۆشتن بەشێوەی مانگانە.

هەرچەندە لەسەر شارەوانی پێویست نییە، کە بینای نیشتەجێ بوون بۆ هاووڵاتیان دابین بکات، بەڵام ئەم کاره ئەبێت بەهۆی کەمکردنەوەی دیاردەی کەمی خانووی نیشتەجێ بوون لە شاروشارۆچکەکاندا.

### 8- ڕووبەری زەوی بۆ پرۆژەی تایبەت

لەو ڕووبەری زەوییە تایبەتانە، زەوی تەرخانکراو بۆ کۆمەڵانی خەڵک کە پێویستی نیشتەجێ بوونیان هەیە وەک گرووپی کەم ئەندامان، گرووپی پیران و خوێندکاران و هتد. بۆ نمونە: ئەگەر خەڵوەتگەیەک پێویست بێت بۆ درووستکردن، ئەتوانرێت لەسەر ئەو پارچە زەوییانەی کە بۆ پرۆژەی پێویست تەرخانکراون، ئەنجام بدرێت. درووست کردنی شوێنی نیشتەجێ بوونی تەندرووست، پێویستی بە جیاکردنەوەی هەیە لەگەڵ شوێنی کارکردن دا، لەبەر ئەم هۆیەش پێویستە ڕووبەری خاڵی لە بینا، لەم ناوچانەدا تەرخان بکرێت بە مەبەستی ڕەخساندنی کەش وهەوای گونجاو بۆ هەردوو مەجالەکە.

### 9- ڕووبەری زەوی بۆ هاتووچۆ

هاتووچۆ هەموو ئەو زەوییانە داگیر ئەکات کە بۆ ڕێگا و فولکە و نەفەقی سەر ئەرز و ژێرئەرز و پارک و هتد. تەرخان ئەکرێن. چونێتی بەستنەوەی ئەم زەوییانە بە زەوی ترەوه لە ڕێگای جادە و شەقام و ڕێگاوه ئەبێت، کە دەرگایان ئەبێت بۆ سەر زەوییەکان. ئەمەش لەسەر نەخشەی تەفصیلی دەرئەکەوێت.

Aso Salwani

10- ڕووبەری زەوی بۆ خەدەمات

ئەم ڕووبەرانە کەناڵ و زێرابی ئاوەڕۆ و ئاوی پیس و کەناڵی تایبەت بۆ ڕاکێشانیان و ناوچەی فرێدانی خۆڵ وخاشاک و ناوچەی سکراب کردنی سەیارە و ڕووبەری تاوەری کارەبایی و عەمودەکان و هتد. ئەگرێتەوە. جێگیرکردنی ئەم خەدەماتانە لە نەخشەکەدا پێویستە بۆ هەبوونی ڕووبەری زەوی پێویست بۆیان، هەرچەندە لەم ڕێیەوە مافی جێبەجێکردنی خەدەماتەکان مسۆگەر ناکرێت، بەڵکو کارەکە بە یاسای پەیوەندیدار بەڕێوەئەبرێت.

11- ڕووبەری زەوی بۆ سەوزایی

مەبەست لە ڕووبەری زەوی بۆ سەوزایی لە نەخشەی تەفصیلیدا ئەبێت ڕوون و ئاشکرا بێت، جونکە ئەم ڕووبەرانە نابێت لەگەڵ هەندی ڕووبەری تردا وەکو ڕووبەری زەوی بۆ قەبرسان و ساحەی یاری بۆ منداڵان بە سەوزاییەوە، بەراورد بکرێت.

ئەو هاوکارانەی بۆ جێبەجی کردنی نەخشەی تەفصیلی پێویستن:

1- حەقی ئیستیملاک و دابەشکردنی زەوی و زار کە لە دەرەوەی پلانەکانن و موڵکی خەڵکن،

2- حەقی تەحویل کردنی زەوی، واتە لەیەکدانی ڕووبەری زەوی بۆ مەبەستی پلاندانان،

3- سنوورکردنی زەوی یەکان لەو پلانەدا،

4- حەقی نەزعی مولکییەت، واتە زەوت کردنی زەوی وزار کە موڵکی خەڵکین بۆ مەبەستی پلاندانان،

5- دیاریکردنی ڕێگای هاتووچۆ بەمەبەستی گوونجاندنی لەگەڵ نەخشەی تەفصیلی دا.

Asso Salwani




پلانی عومرانی یەکێک لە ناوچەکان لە عێراق